

# ئەفسانەسازی و پیشەسازیی خەیاڵ لە تێکستی عەتا محەمەد-دا

**مەحمود نەجمەدین**

ئەوەی لە چیرۆکدا روودەدا واقیعێکە لە بەرگی خەیاڵدا، یاخود هەندێک جار پێش واقیع دەکەوێت، لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا. چیرۆک ئیشکردنە لەسەر گریمانەکان، کێبرکێیەکە لەنێوان واقیع و خەیاڵدا، باشتر بڵێم مەئلوف و نامەئلوفدا. ئەم باسە لەبارەی ئەزموونی (عەتا محەمەد)ی چیرۆکنووسەوەیە، کە یەکێکە لە چیرۆکنووسە نایابەکانی ئەمڕۆی ئەدەبی کوردی، بەداخەوە تا ئەمڕۆ ئەزموونی عەتا شتێکی وای لەبارەوە نەگوتراوە، ئەوەی کە لەسەر ئەزموونی عەتا نووسراوە، بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن. هۆکاری فەرامۆشکردنی تێکستی عەتا لە زاکیرەی رەخنەگرەکان چییە؟ نازانم! سەرباری ئەوەش ڕووبەڕووی هەندێک گرفت بووەتەوە، کە هەندێک پێیان وایە نەقڵی بۆرخێسە بۆ کوردی، لەکاتێکدا

# لێکۆڵینەوە

عەتا چیرۆکی کوردی بەرهەم دەهێنێت، کار لەسەر کولتوور و نەریت و مێژووی کورد دەکات. ئەوەی ئەمڕۆ ناوی دزیی لێ دەنرێت، جۆرێکە لە کاریگەریی ئەدەبی و سوودوەرگرتن لە ستایلی ئەدەبی، ئەوەی کە ئەو بۆچوونە دروست دەکات، ئەوەیە کە عەتا چەشنی بۆرخێس دەگەڕێتەوە بۆ سەدە کۆنەکان و سوود لە حیکایەتە کۆنەکان وەردەگرێت، لەکاتێکدا ئەم گەڕانەوەیە بۆ حیکایەتە کۆنەکان و سوودوەرگرتن لە کتێبە کۆنەکان و حیکایەتی هەزار و یەک شەوە، لای زۆرێک لە چیرۆکنووسانی دونیا گرنگیی پێدەدرێت. ئەم جۆرە کێشانە زۆرتر لەنێو رۆشنبیریی کوردیدا هەیە، بەرلەوەی ڕووبەڕووی تێکستی عەتا ببێتەوە، بەرۆکی تێکستی دیکەشی گرتووە. لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا کاریگەری و لەیەکچوون بەدزیی ئەدەبی ناو دەبرێت، لەکاتێکدا ئەدەبی سەرکەوتوو، ئەو ئەدەبەیە، کە کاریگەری دروستی دەکات. رۆمانی «**کافکا علی الشاطی**»ی هارۆکی مۆراکامی کاریگەریی رۆمانی «عەتر»ی لەسەرە، لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکێ لە باشترین رۆمانەکانی دونیا دادەنرێت. رۆمانی «الموت یمر من هنا»ی رۆماننووسی سعودی «عەبدە خال» لە رۆمانی (بێنەوایان)ی ڤیکتۆر هۆگۆ دەچێت، ئەمە لەکاتێکدا رۆمانی بێنەوایان باس لە ژیانی خەڵکی فەرەنسا دەکات لە سەردەمی کۆتایی هاتنی ناپلیۆندا، رۆمانی (الموت یمر من هنا)ی عەبدە خال باس لە ناوچەی جازان لە سعودیە دەکات، کە خاڵی لەیەکچووی ئەم دوو رۆمانە لە چیرۆکی هەژاری و نەداریدا کۆبێتەوە ناتوانین گومانی دزی بدەینە پاڵ عەبدە خال، چونکە سەدان چیرۆک هەیە لەبارەی هەژارییەوە، گەڕانەوەی عەتا محەمەدیش بۆ سەدە کۆنەکان و پەنابردنە بەر دەستنووسی کۆن و بەکارهێنانی ئەفسانە و حیکایەتی کۆن، خەیاڵی عەتا خۆیەتی، کە ئەو چیرۆکە کۆنانە لەگەڵ ئەمرۆدا بەراورد دەکات، مێژوو و ئەفسانە تەوزیف دەکات، عەتا دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانیی سەردەمی عوسمانی و میرنشینی بابان و سەردەمی جەمیل سائیب، ئیش لەسەر کولتووری کوردی دەکات و ئیشکردنی بۆرخێس لە کولتووری ئەمریکای لاتیندایە. عەتا بۆ مێژووی سلێمانی دەگەڕێتەوە، بەجۆرێک ئیش لە مێژووی شار دەکات، کە خاوەنی رۆشنبیرییەکی قوڵە لەبارەی مێژووی شارەوە، لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانیی کۆن و هاوکات ئیش لە رابردوویەکی گشتی دەکات، بەمەش رۆشنبیریی عەتا بەدی دەکەین لە دونیای ئەفسانە و عیرفان و ئاین و مێژووداز چیرۆکی عەتا ئیشکردن نییە لە دروستکردنی سەرەتا و کۆتایی، بەڵکو گرنگیدانە بە مانا و قوڵبوونەوە و رۆچوون بۆ قووڵایی، ئەزموونی عەتا یاریکردنە بەزەمەن، یاریکردن لەنێوان زەمەنی جیاواز، یاریکردن لەنێوان مەئلوف و نامەئلوفدا، زۆرتر گرنگی بە سیحر دەدات، زەمەنی سیحری، کەرەستەی سیحری، مرۆڤی سیحری.. کۆرماک مکارسی رۆماننووسی ئەمریکی لە رۆمانەکانیدا گرنگی بە خەیاڵی زانستی دەدات و خەیاڵ بەرەو ئایندەی زانست و ئایندەی زەوی دەڕوات، مکارسی باس لە گریمانی کارەساتی گەورە دەکات لە گەردووندا رووددات، ئەم جۆرە رۆمان و چیرۆکانە ئیش لەسەر خەیاڵی زانستی دەکەن، بەڵام خەیاڵ لای عەتا گەڕانەوەیە بۆ دواوە، گەڕانەوەیە بۆ رابردوو. بەگشتی ئەزموونی عەتا لە ژێر کاریگەریی ئەفسانە و چیرۆکە خورافییەکاندایە

## عەتا ئیش لە مێژوودا دەکات و دواجار چیرۆکێکی هێندە سەربەخۆ دێتە بەرهەم، کە نە لە رابردوودایە و نە لە ئایندەدایە

و ئیش لە خەیاڵدا دەکات، لە ئەزموونی عەتادا درک بەکاریگەریی حیکایەتە ئاینییەکان دەکەین، حیکایەتی فڕینی مرۆڤ و گفتوگۆی مردن و گەڕانەوە بۆ رابردوو. ئنجیل و تەورات و قورئان پڕن لەو چیرۆکە خەیاڵییانە، چیرۆکی زیندووکردنەوەی مرۆڤ بەدەستی عیسا و فڕینی عیسا، چیرۆکی گۆچانەکەی موسا و گفتوگۆی موسا لەگەڵ خوادا، چیرۆکی گەشتی محەمەد بۆ ئاسمان و قسەکردن لەگەڵ فریشتەکاندا، لێکدانەوەی خەون لای یوسف و... عەتا سوودی لەو تێکستە ئاینییانە وەرگرتووەو لە چیرۆکەکانیدا تەوزیفی کردوون، هەروەها گەڕانەوە بۆ حیکایەتی میللی و گەڕانەوە بۆ حیکایەتەکانی بابل. خەیاڵ لای عەتا بۆ زەمەنێک دەچێت جیاواز لە زەمەنی واقیع، عەتا ئیش لە مێژوودا دەکات و دواجار چیرۆکێکی هێندە سەربەخۆ دێتە بەرهەم، کە نە لە رابردوودایە و نە لە ئایندەدایە، چیرۆکێک فەزایەکی تایبەتی هەیە، ئیشکردن لە خەیاڵ و واقیعی سیحری، ئەزموونی عەتا یارییەکە لەنێوان وەهم و حەقیقەتدا، کردنی وەهم بەحەقیقەت و حەقیقەت بە وەهم. پیشەسازیی خەیاڵ لای عەتا خاڵی گرنگی چیرۆکە، خاڵێکی تری ئەزموونی عەتا ئیشکردنە لە چیرۆکەکانی شار، تەوزیفکردنی شار لە چیرۆکدا، شاری سلێمانی لە ئەزموونی عەتادا، دیوێکی خەیاڵە و دیوێکی گەڕانەوەیە بۆ مێژووی شار. عەتا کۆمەڵێک وێنەی شار نیشان دەدات، بەمەش چیرۆکەکانی دەچنە چوارچێوەی چیرۆکەکانی شارەوە. ئەزموونی عەتا لەگەڵ شاردا گەڕانەوەیە بۆ رابردووی سلێمانی و حیکایەتەکانی سلێمانی دەگێڕێتەوە، سلێمانی لە رۆژگاری شەڕی میرنشینەکاندا و لە رۆژگاری داگیرکاریی عوسمانی تا رۆژگاری ئەمڕۆ و حیکایەتی ململانێ ئایدیۆلۆژییەکان و سیاسەت و شەڕو کاولکاریی ناوچەکە و کاریگەریی داگیرکاری لەسەر شار، مێژووی شار دەگێڕێتەوە. دیوە خەیاڵییەکانی شار وێنا دەکات. خاڵێکی تری ئەزموونی عەتا محەمەد کاریگەریی ئەفسانە و حیکایەتی ئاینی و گەڕانەوە بۆ کەلەپوورە. ئەزموونی عەتا محەمەد خەیاڵسازی و ئەفسانەسازییە، لەخەیاڵەوە بۆ ئەفسانە دەگەڕێتەوە و ئەفسانە و واقیع تێهەڵکێش دەکات، سەرئەنجام چیرۆکەکان دەچنە نێو قووڵایی ماناوە. تێکستی عەتا جۆرێک لە تارمایی و لوغزی تێدایە و کار لەسەر ئاڵۆزکردن و تاریککردنی رووداوەکان دەکات. ئەزموونی عەتا تەقلیدی نییە و گرنگی بەسەرەتا و کۆتایی نادات، گرنگی بە تەلیسم و نهێنی و کۆد و گرێ دەدات، بە تێکشکاندنی سنووری واقیع و خەیاڵ، لەنێوان وەهم و حەقیقەتدا دونیایەکی جیاوازمان نیشان دەدات و مانا دەخولقێنێ و بۆ تونێلە تەماوییەکانمان دەبات و لەنێو خەیاڵدا حەقیقەت ون دەکات، خەیاڵیش دەخاتە ژێر گومانی حەقیقەتەوە، گومان دەخاتە سەر حیکایەتەکانی مێژوو و وەک خەیاڵی شاعیران و حیکایەتنووسەکان وێنا دەکات.

لە کۆمەڵە چیرۆکی «پاشماوەی خێڵەکان»دا سوودی لە حیکایەتەکانی مێژوو و ئەفسانە و خەیاڵ و رووداوەکانی جەنگ وەرگرتووە، لە چیرۆکی پاشماوەی خێڵەکاندا باس لە رشانەوە و نەخۆشی دەکات، وێنەی گوند و کارەساتێک نیشان دەدات و تراژیدیا دەنووسێتەوە، بەجۆرێک بوونی گۆشتی پەنجەکان و دەرپێ و سوخمەی ژنان و.لەنێو داری دارتاش و رەحەتیی نەوت و. هەموو ئەمانەدا



عەتا چەشنی بۆرخێس دەگەڕێتەوە بۆ سەدە کۆنەکان و سوود لە حیکایەتە کۆنەکان وەردەگرێت، لەکاتێکدا ئەم گەڕانەوەیە بۆ حیکایەتە کۆنەکان و سوودوەرگرتن لە کتێبە کۆنەکان و حیکایەتی هەزار و یەک شەوە، لای زۆرێک لە چیرۆکنووسانی دونیا گرنگیی پێدەدرێت

وێنەی کارەساتێک نیشان دەدەن، کە لە گوندەکاندا روویداوە، وەک خۆی لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئاماژە بە کارەساتی ئەنفال دەکات. لەم چیرۆکەدا نووسەر ئیقتیباسی تراژیدیای کوردیی کردووە، لە رێگای مردووەکانەوە وێنەی بیابان دەبینرێت و هاوکات باس لە رووداوی داگیرکردنی عوسمانی و ئینگلیز دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری سەلاحەدینی ئەیوبی. لە چیرۆکی (تۆش پەنجەت لە خوێنم وەردە)دا حیکایەتی فیوداڵ و زۆرداریی ئاغایەک دەگێڕێتەوە، ئاغایەک هەموو خولیا و حەزێکی سێکسکردن و کونکردنی کچانی گوندەکەیە، لە مەرگی پیاوە ناشرینەکەی ناوم لەبارەی مردنەوە دەدوێت، باس لە کەسێک دەکات، کە هەست بە مردن دەکا و بۆنی مردن دەکات، تا ساتی داپۆشینی وەک مردوویەک حیکایەت دەگێڕێتەوە، لە (نەخشەی شارێکی ونبوو)دا دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی کۆن و سەدە کۆنەکان. ئەم چیرۆکە لە ناونیشانەوە بەئاگامان دەهێنێتەوە لەوەی کە چیرۆکەکە بەئاڕاستەی ئەفسانەدا دەڕوات، لە شارێکی ونبووەوە دەچێتە نێو ئەفسانەوە. لە (دوا مەرگی سەربازە پەلاماردراوەکە)دا حیکایەتی جەنگ و مردن و کوشتنی سەربازەکان دەگێڕێتەوە، باس لە مەرگی سەربازێک دەکات، لە مردنی سەربازە هەڵهاتووەکە، لە گێڕانەوەی هاوڕێکانیدا دیسان باس لە جەنگ دەکات و وێنەیەکان سیمبولن بۆ جەنگی کەنداو، لە (نهێنی دەستنووسێک)دا دەچێتە نێو دنیای فیکر و مێژووەوە، دەگەڕێتەوە بۆ شارە ئەفسوناوییەکانی رابردوو، لە شارێک دەدوێت وەک شارە سیحراوییەکانی نێو هەزار و یەک شەوە، لە (پاسەوانی خەیاڵ)دا لە کتێبێکی خەیاڵییەوە دەچێتە نێو حیکایەتێکی خەیاڵی و دەگەڕێتەوە بۆ مەحوی، لەکۆی ئەم ئەزموونەیدا عەتا وەک زۆرێک لە بەرهەمەکانی دیکەیدا ئیش لە خەیاڵ و مێژووی کۆن و ئەندێشەدا دەکات، خەیاڵ ئافرێنەری رووداوگەلێکە، عەتا بەسوودوەرگرتن لە ئەفسانە و خەیاڵ و حیکایەتە کۆنەکان مەعریفەی خۆی تەوزیف دەکات، خەیاڵ بەپەتی مێژوودا دەیگێڕێتەوە بۆ رابردوو.

چیرۆکی (یاقوتی ئازار) یەکێکە لە چیرۆکە جوانەکانی عەتا، ئەم چیرۆکە لەگەڵ ئەوەی کەشێکی تراژیدیی هەیە، چێژ دەدات بە خوێنەر، گرێی چیرۆکەکە پەیدابوونی یاقووتێکە کە بازاڕ داگیردەکات. عەتا باس لە یاقووتێک دەکات کە هێندە جوانە بازاڕ سەرسام دەکات و هەر ئەو یاقووتە سەرچاوەی ئازارە. لە چیرۆکی (یاقوتی ئازار)دا گرێیەک هەیە فزولییەت و غەریزەی زانین خوێنەر بۆ کۆتایی چیرۆکەکە دەبات، ئەم چیرۆکە حیکایەتی یاقوتێکە بازاڕی تەنیوە، یاقوتێکی جوان کە بەهۆی ئازارێکەوە دروست دەبێت. پاڵەوانی چیرۆکەکە کچێکە بەناوی نورەوە، لە چاوی ئەم کچەوە یاقوتێک بەئازارێکی سەختەوە دێتە دەرەوە، جوانیی ئەو یاقوتە بەئەندازەی ئازاری چاوی نورە. سەرەتای چیرۆکەکە بە وەسفی ئەو یاقوتە دەست پێدەکات و کۆتاییەکەی بە تراژیدیای ئازاری چاوی نور کۆتایی دێت. عەتا لەم چیرۆکەدا لەگەڵ بەراوردی ئازار و جوانیی یاقوتدا، باس لە کولتووری رۆژهەڵات دەکات، بەوەی کە باوک و دایکی بۆ چارەسەر نور دەبەن بۆ لای شێخ، پاشان

# لە چیرۆکی (بکوژە نادیارەکە)دا وجودی نێو چیرۆک و وجوودی ژیان بەجۆرێک تێکەڵ دەکات، کە درک بە ململانێکانی مەئلوف و نامەئلوف دەکەین

باوکی نور درک بەوە دەکات کە ئەو ئازارەی لە چاوی کچەکەیدایە رێگایەکە بۆ پارە پەیداکردن، بیر لە بازرگانیکردن دەکات بەچاوی نورەوە، پاش ئەوەی خەڵکێکی زۆر بۆ بینینی ئەو پەرجوە روو لەو گوندە دەکەن و باوکی لە بەرانبەر گرتنی وێنەیەک لەگەڵ نوردا پارە لەخەڵک وەردەگرێت، پاشان خێزانی نور دەچنە شار، لێرەوە چیرۆکەکە لە چیرۆکی گوندەوە دەبێت بە چیرۆکی شار و نوریش دەبێت بە سەرچاوەی بژێوی و جوانیی یاقوت و ئازار. دوای خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە خوێنەر خەیاڵاتی بۆ خشڵ و یاقوت و ئەڵماس دەگۆڕێت. لە (چیرۆکی ئەفسانەیەکی تر)دا عەتا دەمانباتە نێو خەیاڵێکەوە، سیحری گۆڕینی هەموو شتێک بە ئاڵتون و تاقیگەیەکی خەیاڵی لە هاوکێشەیەکی ئەفسوناویدا هەموو شتێک بۆ زێر دەگۆڕێت، کۆی ئەزموونی عەتا گەڕانە بەدوای ئەفسانەدا، خەیاڵێک کە پەرجو دەخوڵقێنێ، لە چیرۆکی (حەللاجێکی تر)دا حیکایەتی حەللاج تەوزیف دەکات، جارێکی تر خەیاڵ حەللاج بە وێنەیەکی دییەوە دەخوڵقێنێ، لە چیرۆکی (سنوقی ئەندێشە)دا حیکایەتی خەیاڵ و دروستبوونەوەی ژیان دەگێڕێتەوە. لە چیرۆکی (کتێبەکانی ئەندێشە)دا دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، حیکایەتی وەهم و واقیع تێکەڵ دەکات، گریمانی مێژوویی دەکات، چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی هارونە رەشید لە بەغدا، بەسوودوەرگرتن لە مێژوو و ئەفسانەکان عەتا چیرۆکەکە دەباتە دۆخێکەوە کە وێنەیەکی ئەفسانەیی دەبەخشێت، لە چیرۆکی (تامی مەرگ)دا حیکایەتی ئاین و کولتووری مزگەوت دەگێڕێتەوە، ئەندێشەی مردن دەکات، ئەم چیرۆکە حیکایەتی مردنی کیمیاگەرێکە، کاتێک مردن روو لە ماڵەکەی دەکات، مردن لێرەدا بەرجەستەیە و دەبینرێت، مردن لەگەڵ کیمیاگەردا گفتوگۆ دەکات و کێبرکێ دەکات و دواجار مردن بەسەر کیمیاگەردا سەردەکەوێت، ئەو وێنەیە وێنەی وەهم و حەقیقەتە. لە چیرۆکی (ئەندێشەی پیت)دا زەمەنی هەزار و یەک شەوە و زەمەنی شێخ محەمەدی خاڵ تێکەڵ دەبێت، خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو و نووسەر گریمانی هەزار و یەک شەوە دەکات لە کتێبخانەی شێخ محەمەدی خاڵدا. لە چیرۆکی (فریو و خۆشاردنەوە)دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەی ئادەم و حەوا و حیکایەتی سێوەکەی ئادەم، کە هۆکاری ئافراندنی دونیایە، لەم چیرۆکەدا عەتا حیکایەتی ئاینی تەوزیف دەکات، حیکایەتی ئەندێشەی خودا دەگێڕێتەوە و لە زەمەنی ئادەمەوە بۆ زەمەنی شێخ مەحمود و نەجمەدین مەلا باز دەدات و باس لە فریودانی سیاسی دەکات و چیرۆکی داگیرکاریی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە دەگێڕێتەوە. لە چیرۆکی (ئاگر و خۆڵ)دا ئاگر بۆ ئەزەلییەتی بوون دەگێڕێتەوە و خۆڵ بۆ مردن، خۆڵ و ئاگر بە وجود و مردنەوە گری دەدات. لە چیرۆکی (پەنهانییەکانی زیندووێتی مەسیح)دا ئەفسانەی مەرگی مەسیح و قازی محەمەد تێکەڵ دەکات. مەسیحییەکان دەڵێن ئەوەی بە خاچەکەوە مرد مەسیح نەبوو، عەتا دەیەوێت گریمانی قازی محەمەد لە خەیاڵدا بکات، ئەم چیرۆکە یاریکردنە بە حیکایەتی لەداردانی قازی و گریمانەکردنی جۆرەکانی کوشتنی قازی محەمەد، نووسەر دەیەوێت مەرگی قازی بخاتە گومانەوە. لە چیرۆکی (بکوژە



لە (چیرۆکی ئەفسانەیەکی تر) دا عەتا دەمانباتە نێو خەیاڵێکەوە، سیحری گۆڕینی هەموو شتێک بە ئاڵتون و تاقیگەیەکی خەیاڵی لە هاوکێشەیەکی ئەفسوناویدا هەموو شتێک بۆ زێر دەگۆڕێت، کۆی ئەزموونی عەتا گەڕانە بەدوای ئەفسانەدا، خەیاڵێک کە پەرجو دەخوڵقێنێ

نادیارەکە)دا وجودی نێو چیرۆک و وجوودی ژیان بەجۆرێک تێکەڵ دەکات، کە درک بە ململانێکانی مەئلوف و نامەئلوف دەکەین، ئەو کەسەی کە لە چیرۆکەکەدا وەک کوژراوێک باس دەکرێت (رەفیق فایەق)ە و تەمومژی کوشتنی ئەو فرە خەیاڵی دروست دەکات، لە کۆتایی چیرۆکەکەدا رەفیق فایەقی چیرۆکنووس پاڵەوانی نێو چیرۆکەکەیە و دواجار هەموومان پاڵەوانی نێو چیرۆکین و چیرۆکیش دیوێکی وەهمیی واقیعە.

لە چیرۆکی (ئەبەدییەت)دا ئەندێشە و خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانیی سەردەمی پیرەمێرد و نووسەر وێنەی پیرەمێرد وا نیشان دەدات، کە لەیەک کاتدا لە سلێمانییە و لە ئەستەمبوڵیشە.

لە چیرۆکی (شەوی کوژراوە نادیارەکە)دا ئێستا و رابردوو و خەیاڵ و واقیع تێکەڵ دەکات، گفتوگۆ لەنێوان دوو کەسدا سیروان و شیروان دروست دەبێت، عەتا لەم چیرۆکەدا ئەوەندەی گرنگی بە قوڵبوونەوە دەدات، ئەوەندە گرنگی بە کۆتایی و سەرەتا نادات. لە (تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان)دا عەتا محەمەد دەچێتە نێو خەیاڵەوە و حیکایەتی خەیاڵی دەئافرێنی، لەم ئەزموونەیدا نووسەر لەنێوان وەهم و حەقیقەتدا دونیایەک دەدۆزێتەوە لە نێوان ئێستا و رابردوودا، زەمەنێکی جیاواز دەدۆزێتەوە و ئەم چیرۆکانە ئیشکردنە لە مانا و گوزارشت و قوڵبوونەوە. لە یەکێ لە چیرۆکەکاندا لە زیهنی ئیماندارێکەوە بۆ خودا دەگەڕێت، خەیاڵ لە گەردوون دەردەچێت و بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕێت کە مرۆڤ لە ئەرزی واقیعدا نایدۆزێتەوە. ئەم چیرۆکانە وا لە خوێنەر دەکەن، کە سنووری نێوان وەهم و راستی لە یاد بکەن، ئەوەی لە راستیدا دەمرێت دەکرێت جارێکی تر لە خەیاڵەوە بیهێنینەوە بۆ ژیان، خەیاڵ لەو چیرۆکانەدا سەفەرەکانی سنووردار نییە، خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سیانزە، بۆ رابردوویەکی دوور، بەپێچەوانەی ئەو چیرۆکانەوە کە خەیاڵی زانستین و خەیاڵ بۆ ئایندەیان دەبات. چیرۆکەکانی عەتا بۆ رابردوو دەگەڕێنەوە، خەیاڵ لای عەتا دروستکردنی دونیای تەکنەلۆژیا نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ ئەفسانە و رۆچوونە بۆ قوڵایی رۆح.

چیرۆکێکی تری ئەم چیرۆکانە نووسینی ئەو رۆمانانەیە، کە بە مەرگی نووسەرەکانیان دەنووسرێنەوە، مەرگی هەمنگوای و یەسەنین دوو حیکایەتن، عەتا دەیەوێت بڵێت سەدان حیکایەتی وەک مەرگی هەمنگوای هەیە، کە نەنووسراوەتەوە و کەچی وەک رۆمانێک یان چیرۆکێک ناودەبرێن، هەموو ئەو رووداوانەی کە روودەدەن ئەشێت وەک حیکایەتێک سەیر بکرێن، بەر لەوەی چیرۆکنووسێک بیاننووسێتەوە. لە چیرۆکێکی دیکەدا نووسەر حیکایەتی خەیاڵیی شاعیرێکی کوێر دەگێڕێتەوە، کە بەجۆرێک وەسفی شەڕی سوڵتان دەکات، سوڵتان بڕیار دەدات ئەو حیکایەتە کە خەیاڵی شاعیرە کوێرەکەیە تێکەڵ بە حیکایەتی راستەقینەی شەڕەکانی خۆی بکات، لێرەدا گومانکردن لە مێژوو دروست دەبێت، حیکایەتەکانی مێژوو وەک وێنەیەکی درۆیین نیشان دەدرێت، ئەشێت چیرۆکەکانی مێژوو خەیاڵی شاعیرانە بن، عەتا مێژوو دەخاتە

## عەتا مێژوو دەخاتە ژێر گومانەوە، ئەوانەی مێژوو دەنووسنەوە کێن؟ چۆنی دەینووسن؟ سوڵتانەکان چۆنیان دەوێت؟

ژێر گومانەوە، ئەوانەی مێژوو دەنووسنەوە کێن؟ چۆنی دەینووسن؟ سوڵتانەکان چۆنیان دەوێت؟ لە چیرۆکێکی تردا باس لە چێژ و ئازار دەکات، هەردووکیان وەک دوو دیوی دراوێک باس دەکات، لە زیکری دەروێشەکانەوە باس لە چێژی ئازار دەکات، حیکایەتەکانی تاڵانکردن و داڕوخانی بەغدا و بابل دەگێڕێتەوە، لە داروخانی بابلەوە بۆ حیکایەتە کۆن و ئەفسانەییەکانی رابردوو دەگەڕێتەوە. لە چیرۆکێکی تردا باس لە ونبوونی سلێمانی دەکات لای مەولانا خالید، عەتا سێ چیرۆکی جیاوازی مەولانا دەگێڕێتەوە و سێ ئەنجامی جیاواز گریمانەی بوون و مردنی مەولانا دەکەن، مردنەکانی مەولانا خالید و قازی محەمەد و مەسیح دەچنە چوارچێوەی ئەفسانەسازی و گریمانەسازییەوە. تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان حیکایەتی خەیاڵ و ئەفسانەسازییە، عەتا زۆر بە وریاییەوە یاری بە رووداوەکان دەکات و بەجۆرێک تەوزیفی ئەفسانە دەکات لە خوێندنەوەدا چێژ لە چیرۆکەکان وەردەگرین. لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا درک بە توانای عەتا دەکرێت لە زاڵبوون بەسەر چیرۆکدا، چێژی گێڕانەوە و ئاگایی شارستانی و تێکەڵکردنی رابردوو و ئێستا، یاریکردن بە زەمەن و شوێن.

لە تارژەنی رەنگ و حیکایەتی عەشق و خەیاڵدا چیرۆکەکان کۆمەڵێک خەیاڵن عەشق دروستیان دەکات، پێناسەی عەشق لای عەتا گرێدراوی خەیاڵە، مرۆڤ هەمیشە لە خەیاڵدا بەدوای عەشقدا دەگەڕێت، عەشقی راستەقینە لە خەیاڵدایە، عەشق و خەیاڵ جوانی بەرهەم دەهێنن، عاشق هەمیشە لە سۆراغی خەیاڵدایە، مەعشوق بەشوێن ئەو شتانەوەیە کە لە خەیاڵدان، لەم ئەزموونەیدا عەتا ئیشی لەسەر عەشق و خەیاڵ کردووە، لەم چیرۆکەدا عەتا چەندین کەرەستە لە خەیاڵەوە دەهێنێتە نێو واقیعەوە بەجۆرێک کە خەیاڵ بەرجەستە دەبێت. عەتا باس لە جوانی و عەشق و خەیاڵ دەکات، حیکایەتی دارتاشێک دەگێڕێتەوە کە عاشق بە چاوی ژنێک دەبێت و ئەو عەشق وای لێ دەکات پەنجەرەیەکی هێندە نایاب و خەیاڵی دروست بکات، خەیاڵی دارتاش پەنجەرەی عەشق دروست دەکات.






لە (تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان) دا عەتا محەمەد دەچێتە نێو خەیاڵەوە و حیکایەتی خەیاڵی دەئافرێنی، لەم ئەزموونەیدا نووسەر لەنێوان وەهم و حەقیقەتدا دونیایەک دەدۆزێتەوە لە نێوان ئێستا و رابردوودا، زەمەنێکی جیاواز دەدۆزێتەوە و ئەم چیرۆکانە ئیشکردنە لە مانا و گوزارشت و قوڵبوونەوە



لە رۆمانی «گەشتە تیوارەکانی میر بەتەنیاییدا» ناڕاستەوخۆ حیکایەتی دیکتاتۆر دەگێڕێتەوە، گێڕەرەوە مەولانایە و بەدوای مردندا دەگەڕێت، گفتوگۆی نێو رۆمانەکە لەنێوان میر و قاوەگرەوەیەکدایە. عەتا چیرۆکی کوشتوبڕ و جەنگ و کودێتا و ئەتککردنی ژنان دەگێڕێتەوە

عەتا باس لە ئینجانەیەک دەکات کە خەیاڵ دروستی کردووە و ئەو ئینجانە خەیاڵییە دەبێت بە کەرەسەیەکی بەرجەستە، ئەو ئینجانەیە هاوکێشەی مەئلوف و نامەئلوفە، بەرجەستەیی بوونی خەیاڵ، لە چیرۆکێکی تردا خوێنەر بۆ نێو واقیعێک دەبات، باس لە ئاوێنەفرۆشێک دەکات لە قەیسەریی نەقیب، لەم چیرۆکەدا شوێن واقیعییە، شوێنێکە بوونی هەیە و لە شاری سلێمانیدایە، سیحرەکە لە نێو ئاوێنەیەکدایە لە قەیسەریی نەقیب، ئاوێنەیەک کە یەک لای رووخسارەکان نیشان دەدات، عەتا لەو ئاوێنەیەوە دەچێتە نێو عەشقەوە، نێر و مێ وەک دووانەیەکی عاشق بە هەردووکیان ژیان و عەشق پێک دەهێنن. لە چیرۆکێکی دیکەدا لە باخی واقیعەوە عەشق گوڵی شینی خەیاڵی بەرهەم دەهێنێ. سیحری ئەو گوڵە شینە لەنێو لەپی ژنێکی عاشق و خەیاڵی باخەواندا دەخولقێ، عەشق لەنێوان باخەوان و ژنێکی عاشقدا خەیاڵ دەسازێنێ.
لە چیرۆکێکی تردا باس لە بۆنسازێکی شاری بەغدا دەکات، کە عەشقی ژنێک لە خەون و خەیاڵەوە بۆنێک دەخولقێنێ، خەیاڵاتی بۆنساز دەچێتە باخی خەونەکانی ئەو ژنەوە، کە داوای بۆنێکی تایبەتی لێ دەکات تا گوڵ بچنێت و ئەو بۆنە تایبەتەی بۆ دروست بکات. لە حیکایەتی تارژەنی رەنگدا، عەتا هاوکێشەکە دەگۆڕێت و تار لە بری دەنگ رەنگ دێنێتە بەرهەم، عەشق خوێنی تارژەن دەرێژێ و دەنگ بۆ رەنگ دەگۆڕێت و رەنگیش خوێنی تارژەنە. لە حیکایەتێکی تردا گریمانی رووداوێک دەکات، کە چیرۆکی شاعیربوونی مەحوییە، ئەم چیرۆکەیان گریمانی ئەوە دەکات کە چەتەیەک لە رێگریی کاروانێکدا عەشقی ژنێک وای لێ دەکات پیشەکەی لە چەتەییەوە بۆ شاعیربوون بگۆڕێت.
لە چیرۆکێکی دیدا خەیاڵ لەدوای کوشتنییەوە حەللاج زیندوو دەکاتەوە، ئەم حیکایەتە وێنەیەکی حیکایەتی عیسای تێدایە. گەڕانەوەی عیسا و گەڕانەوەی حەللاج، لەهەمان کاتدا عەتا باس لە خەیاڵی ژنێک دەکات، کە خەیاڵەکانی حەللاجێکی دی دەئافرێنی، لێرەدا گومانێک دروست دەبێت، ئەوەی کوژراوە حەللاجە یان وێنەیەکی حەللاجە؟ یاخود ئەوەی کە لە دەرگای ئەو ژنە دەدات خەیاڵی خۆیەتی؟ لە چیرۆکێکی دیکەدا لە لێوی تەڕی تابلۆیەکەوە دووانەی عەشق شیرین و فەرهاد لە هاوکێشەی عەشقدا دەکات بەیەک. لە چیرۆکی نەخشی فەرشێکەوە ئاوازێک دەخولقێنێ، ئەم حیکایەتە پێچەوانەی حیکایەتی تارژەنە، خەیاڵی فەرشچن لە نەخشی فەرشێکەوە ئاوازێک دەخولقێنێ، بەپێچەوانەی حیکایەتی تارژەنەوە، کە لە ئاوازێکەوە رەنگ دروست دەکات، کۆی ئەم چیرۆکانە کێبرکێی وەهم و واقیعە، عەشق خولقێنەری خەیاڵە، هاوکێشەیەکە بۆ دروست بوونی خەیاڵ، عەتا محەمەد لە خەیاڵەوە کۆڵ و بۆن و ئینجانەو... بەرجەستە دەکات.
لە رۆمانی «گەشتە تیوارەکانی میر بەتەنیاییدا» ناڕاستەوخۆ حیکایەتی دیکتاتۆر دەگێڕێتەوە، گێڕەرەوە مەولانایە و بەدوای مردندا دەگەڕێت، گفتوگۆی نێو رۆمانەکە لەنێوان میر و قاوەگرەوەیەکدایە. عەتا چیرۆکی کوشتوبڕ و جەنگ و کودێتا و ئەتککردنی ژنان دەگێڕێتەوە.
میر وێنەیەکی سەدامە، ئەم رۆمانە گەشتێکە بە

# عەتا سوودی لەو رابردووە وەرگرتووە و جیاواز لە مێژوونووسەکان ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە

وڵاتی نەوتاویدا، عەتا گریمانەی مێژووی دیکتاتۆر دەکات، لە ڕۆمانەکەدا باس لە ئاڵایەک دەکات کە تێیدا نووسراوە (اللهاکبر) و لە چەند شوێنێکدا حیکایەتی نەوت و کێشەی نەوت باس دەکات، لێرەوە کۆدەکان گریمانەی واقیعێک دەکەن کە واقیعی دیکتاتۆرە. میر دیکتاتۆری جەنگ و داگیرکردنی جەستەی ژنانە، عەتا بە زمانێکی تەماوی و لوغز حیکایەتی میر دەگێڕێتەوە، وێنەکان گریمانی جیاواز دروست دەکەن، وێنەی بیابان و گرفتەکانی نەوت و جەنگ وێنەی دیکتاتۆر نیشان دەدەن، ئەم ڕۆمانە ئیشکردنە لەنێو مێژوودا و گریمانەی دەسەڵاتێکی عەرەبی ئیسلامی دەکات، دەکرێت میر هاوشێوەی سەدام بێت، عەتا حیکایەتی جەنگ و گرفتی بیروباوەڕەکان دەگێڕێتەوە، حیکایەتی ململانێی بەعس و شیوعییەت و بزاوتی ئیسلامی دەگێڕێتەوە، کە لە مێژووی عیراقدا بە شەڕێکی خوێناویی درێژخایەن دادەنرێت. عەتا سوودی لەو رابردووە وەرگرتووە و جیاواز لە مێژوونووسەکان ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەدەرکردنی شیوعییەکان و ئیسلامییەکان لە بازنەی دەسەڵات، یەکەم شەڕی بەعسییەکان دەستی پێکرد و سەرئەنجام عیراق بوو بە گۆمی خوێن و کوردیش لە زەرەرمەندەکان بوو. ئەم ڕۆمانە بە زمانێکی ئەدەبی و بەوێنە تەماوییەکانی گریمانی ئەو رابردووە تراژیدییە دەکات بە تەکنیکی چیرۆک، لە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکەدا لە ڕێگای پولی دۆمینەوە پێشبینیی چارەنووسی میر و وڵاتەکەی دەکات.

ڕۆمانی (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک) کەشێکی ئاینییە و سەرەتای ڕۆمانەکە لە گوندەوە دەست پێدەکات و پاشان بەرەو شاری سلێمانی دێت. لە سەرەتادا ڕۆمانەکە باس لە کێشەی زەوی و زاری گوند و میراتی دەکات و پاشان کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە سلێمان بەرەو شاری سلێمانی دێت. ئەم ڕۆمانە کەشێکی ئاینی و کولتووریی هەیە و حیکایەتی شەڕ و کوشتن باس دەکات. عەتا دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی سلێمانی و حیکایەتی میری سۆران و بابان دەگێڕێتەوە، ئەم ڕۆمانە حیکایەتی شارە و باس لە سلێمان دەکات لە قەیسەریی نەقیب. سلێمان بۆ دەستنووسە کۆنەکان دەگەڕێت و لە دەفتەری خەیاڵەوە گریمانی مێژووی سلێمانی دەکات و باس لە مەولانا خالید دەکات. عەتا لەم ئەزموونەیدا ئیشی لەسەر کولتووری کوردی کردووە و باس لە کێشەکانی بنەماڵەی مێخەک دەکات. لە ناونیشانەوە درک بە کولتووری کوردی دەکرێت و مێخەک وەک کەلەپوری کوردی و کێشەکانی بنەماڵەی مێخەک لە گونددا و لە شاریشدا شەڕو پێکدادانی میرەکان، فڕینەکانی سلێمان وێنەیەکی ئەفسانەیی و سیحر و خەیاڵە. فڕین لای سلێمان گەڕانەوەیە بۆ حیکایەتەکانی فڕین لە مێژوودا، هەر لەم ڕۆمانەدا عەتا محەمەد باس لە جۆرێک مرۆڤ دەکات، کە نیوەی مرۆڤ و نیوەکەی تری شێرە، ئەم حاڵەتەش گەڕانەوەیە بۆ چیرۆکە کۆنەکانی رابردوو. لە ئەزموونی عەتادا خەیاڵ بەجۆرێک زاڵە ئێستا و رابردوو تێکەڵ دەکات، مرۆڤی خەیاڵی دروست دەکات، ئەم حاڵەتە دەچێتە چوارچێوەی ئەفسانەسازییەوە و لە هەزار و یەک شەوەدا حیکایەتی لەم جۆرە زۆرن، شاری خەون، شاری سیحری، گیانداری سیحری، کە وەک مرۆڤ قسەو



لە ئەزموونی عەتادا خەیاڵ بەجۆرێک زاڵە ئێستا و رابردوو تێکەڵ دەکات، مرۆڤی خەیاڵی دروست دەکات، ئەم حاڵەتە دەچێتە چوارچێوەی ئەفسانەسازییەوە و لە هەزار و یەک شەوەدا حیکایەتی لەم جۆرە زۆرن، شاری خەون، شاری سیحری، گیانداری سیحری، کە وەک مرۆڤ قسە دەکەن و گفتوگۆ دەکەن



لە ڕۆمانی (فەهرەست و پێرستی کەسایەتییە ئەندێشەییەکانی جەمیل سائیب) دا جارێکی تر عەتا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی سلێمانی، عەتای چیرۆکنووس ئەندێشەی جەمیل سائیب ناکات، بەڵکو جەمیل سائیب لە ڕابردووەوە ئەندێشەی عەتا دەکات، ئەم ئەزموونەی عەتا محەمەد خاوەنی جوانترین تەکنیکە، کۆی ئەوانەی لە ڕۆمانەکەدا دەوردەبینن ئەندێشەکراوی عەتای چیرۆکنووسن

گفتوگۆ دەکەن، فڕینەکانی سلێمان و مەستورە کاری ئەفسانەسازییە، ئەم ڕۆمانە ئیشکردنە لەنێو مێژووی شار و بەسەرهاتی میران لە بەرگی ئەفسانە و خەیاڵدا، ئەو هاوکێشەیەی کە مرۆڤ دەکات بە بۆق هاوکێشەی ئەفسانەسازییە، هاوکات مێژووی سلێمانی و شەڕی عوسمانی و داگیرکاری و دەردە تاعون دەگێڕێتەوە، گێڕانەوەیەک جیاواز لە گێڕانەوەی مێژوونووس، حیکایەتی شەڕی براکوژی لەنێوان میری سۆران و بابان دەگێڕێتەوە، چیرۆکی عەشقی سلێمان و مەستورە باس دەکات، عەتا لەم ڕۆمانەدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی شار و حیکایەتەکانی وێنەیەکی دیکەی سلێمانیمان نیشان دەدات. لە ڕۆمانی (گێلاسی خوێن)دا دیسانەوە باس لە فڕین دەکات، فڕین و جادوو و سیحری، لە کتێبخانەی ئەوقاف لە سابوونکەرانەوە گەشتێکی خەیاڵی دەست پێدەکات، دیسانەوە دەچێتەوە نێو حیکایەتەکانی شاری سلێمانی و نەخۆشیی تاعون و شەڕی میران و داگیرکەران. مردن خاڵێکی گرنگی ئەم ڕۆمانەیە و لە سەرەتاوە حیکایەتی مردن دێتە نێو ڕۆمانەکەوە، دیوی واقیعی ڕۆمانەکە شاری سلێمانییە و شوێنی واقیعی و بەرجەستە کتێبخانەی ئەوقافە لە سابوونکەران، دیوی خەیاڵی ڕۆمانەکە گفتوگۆی مردن و قوتابییەکەیەتی لەسەر بوون و ژیان و مردن. عەتا لەم ڕۆمانەدا ئیش لەسەر مەرگ و ڕۆحکێشان دەکات و سوودی لە چیرۆکە ئایینییەکان وەرگرتووە لەبارەی مردنەوە، وەک ئەو حیکایەتەی کە لە ڕۆمانەکەدا بەکاری هێناوە، حیکایەتی مردنی ئەو پیاوەی کە بڕیاربوو مردن لە هندستان ڕۆحی بکێشێ و ئەویش لەسەر داوای خۆی بە حەزرەتی سلێمان دەڵێ بە (با)دا بینێرێت بۆ هندستان، عەتا وێنەی کێبرکێی مردن و کیمیاگەر دەکێشێت لە ساتەوەختی ڕۆحکێشاندا، وێنەی ساتگەلی ڕۆحکێشانی دەکێشێت، حیکایەتی شەڕی عوسمانی و ئەردەڵانی و لەشکری مردوو دەگێڕێتەوە، چیرۆکی لاوازبوونی میری بابان و شەڕی داگیرکەر و میرەکان باس دەکات و وێنەی مەرگی نەخشەسازیی ئەفسوونگەر دەکێشێت، ئەفسوونگەر سەرقاڵی دروستکردنی نووسخەیەکی دیکەی سلێمانییە تا ڕێگا لە دوژمن هەڵبکات و سلێمانی نەدۆزنەوە، مردن دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەو کارەدا، شارسازەکە دەکوژێت، پاشان مردن حەلواچییەک دەکوژێت. گێلاسی خوێن حیکایەتی شەڕی عوسمانی و داگیرکردنی سلێمانییە عەتا لەگەڵ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا باس لە ڕۆمانی عەتر دەکات، لێرەدا دوو زەمەنی جیاواز کۆدەکاتەوە و ئەوەی ئەو زەمەنە جیاوازانە کۆدەکاتەوە ئەفسون و خەیاڵە.

لە ڕۆمانی (فەهرەست و پێرستی کەسایەتییە ئەندێشەییەکانی جەمیل سائیب)دا جارێکی تر عەتا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی سلێمانی، عەتای چیرۆکنووس ئەندێشەی جەمیل سائیب ناکات، بەڵکو جەمیل سائیب لە ڕابردووەوە ئەندێشەی عەتا دەکات، ئەم ئەزموونەی عەتا محەمەد خاوەنی جوانترین تەکنیکە، کۆی ئەوانەی لە ڕۆمانەکەدا دەوردەبینن ئەندێشەکراوی عەتای چیرۆکنووسن، خەیاڵی عەتا ئەندێشەی جەمیل

سائیب دەکات و جەمیل سائیبی خەیاڵ کردە ئەندێشەی عەتا محەمەد دەکات، کە چەند جارێک دەژی و هەرجارە و بەجۆرێک دەمرێت. نووسەر بەجۆرێک رابردوو و ئێستا و دونیای چیرۆک و دونیای واقیعی تێکەڵ کردووە، کە چێژ لە خوێندنەوەی رۆمانەکە وەردەگرین. عەتایەک هەیە لە دەرەوەی رۆمانەکە خەیاڵ دەیباتە دۆخێکەوە ئەندێشەی ئەو جەمیل سائیبێکی جیاواز درووست دەکات لەو جەمیل سائیبەی کە پێشتر ژیاوە و مێژوونووسان باسی دەکەن، ئەو جەمیل سائیبە کە ئەندێشەی چیرۆکنووس دروستی دەکات لە دوای خانەنشینکردنی لە شەوێکدا ئەندێشەی کەسێک دەکات بەناوی عەتا محەمەدەوە، ئەو عەتا محەمەدە کە ئەندێشەی ئەندێشەکراوێکە چەندین جار دەژی و ژیانی یەکەمی لە سەردەمی داگیرکردنی سلێمانیدایە لەسەردەستی عوسمانییەکان. عەتا محەمەد بۆ دەربازکردنی وێنەیەکی سلێمانی بەرەو وڵاتی شام دەڕوات و دوو سیخوڕی عوسمانی شوێن پێی هەڵدەگرن و دەیکوژن، ژیانی یەکەمی عەتای ئەندێشەکراو گێڕانەوەی حیکایەتی سلێمانییە لە رابردوودا، نووسەر بەجۆرێک باس لەو وێنەیەی سلێمانی دەکات کە لەگەڵ سلێمانیی واقیعدا تێکەڵ دەبێت. ئەم کارەش تێکەڵکردنی واقیع و خەیاڵە، دووەم عەتای ئەندێشەکراو وەک پیاوێکی پارەساز دەوردەبینێت، ئەمجارەیان وەک بازرگانێک دەمرێت، لەکاتی لێدانی سکەی پارەدا بۆتەیەکی ئاڵتون بەسەر قاچیدا دەرژێت و دەمرێت. عەتای یەکەم پیاوێکی نیشتمانپەروەرە و لەپێناوی شاردا دەمرێت، عەتای دووەم بازرگانە و لە کاری بازرگانیدا دەمرێت، عەتای ئەندێشەکراو بەدوای فارابیدا دەگەڕێت، سێیەم عەتای ئەندێشەکراو لە سەردەمی تازەدایە و لە رۆژگاری شەڕی براکوژیی پارتە کوردییەکانی دوای راپەڕینی ١٩٩١دایە، عەتا بەدوای شارێکی خەیاڵیدا دەگەڕێت و سەرئەنجام دەکەوێتە نێو خەیاڵ و ناگەڕێتەوە بۆ واقیع، جارێکی تر عەتا محەمەد وەک ئەندێشەکراوێک دەچێتە نێو رۆمانەکانی لەگەڵ ئەلفاوۆدی کامیۆسدا.






رۆمانی (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک) کەشێکی ئاینییە و سەرەتای رۆمانەکە لە گوندەوە دەست پێدەکات و پاشان بەرەو شاری سلێمانی دێت. لە سەرەتادا رۆمانەکە باس لە کێشەی زەوی و زاری گوند و میراتی دەکات و پاشان کاراکتەری سەرەکیی رۆمانەکە سلێمان بەرەو شاری سلێمانی دێت

کۆی ئەم خەیاڵاتانە یاریکردنن بەمێژووی رووداوەکان و بەزەمەن لە چوارچێوەی تەکنیکی چیرۆکدا. خەیاڵ شارێی گەڕانەوەیە بۆ ئەو رابردووە، تەنها خەیاڵ ئەوکارە دەکات، سەرئەنجام کاری خەیاڵ و ئەندێشە حیکایەتێکی جیاواز لە مێژوو بەرهەم دەهێنن. لە رۆمانی (خواجە نەسرەدین کە لەپێناو پێکەنیندا دەکوژرێت)دا عەتا محەمەد جیاواز لە هەموو بەرهەمەکانی دیکەی ئیشی کردووە، هەندێک لە خوێنەر پێیان وایە ئەم ئەزموونەی نووسەر لە ئاستی رۆمانەکانی دیکەیدا نییە، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەم رۆمانە لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەوەی کە وا لەخوێنەر دەکات ئەو بڕیارە بدات، ئەوەیە کە ئەم رۆمانە جیاوازە لە رۆمانەکانی دیکەی نووسەر، شێواز و تەکنیکی نووسینی گۆڕیوە، تێکڕای بابەتەکە پەیوەندیی بەدۆخێکی سیاسییەوە هەیە، عەتا لە کوشتنی رۆژنامەنووسێکەوە لەسەر گەمەکردن لەگەڵ دەسەڵات دەچێتە نێو تەنز و گاڵتەجاری بە دەسەڵات. ئەکرێت ئەو کوڕە گەنجە وێنەیەکی سەردەشت بێت کاتێک لەسەر گاڵتەکردن دەکوژرێت. لێرەوە عەتا دەچێتە نێو بابەتێکەوە کە بابەتی گاڵتەجارییە، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەم بابەتە و باس لە گاڵتەجاری دەکات لای دەسەڵاتی بەعس و لای دەسەڵاتی کوردی و لای فریشتەکانی مردن. ئەم رۆمانە کەشێکی رەخنەی سیاسی زاڵە بەسەریدا، بە زمانی مەجاز باس لە کوشتنی کوڕێک دەکات و رەخنە لە دەسەڵات دەگرێت و رەخنە لە مامۆستا و دکتۆری زانکۆکان دەگرێت. خواجە نەسرەدین هاوشێوەی کاراکتەرەکانی عەزیز نەسینە و تەنز لەم رۆمانەدا بۆ نێو دونیای گاڵتەجاڕی دەمانبات، هاوکات تراژیدیایەک هەیە، لە پشتی هەموو ئەو پێکەنینانەوە مەترسییەک هەیە، ترس لە پێکەنین و گاڵتەجاڕیی مرۆڤ لەگەڵ دەسەڵاتدا. ئەم رۆمانە گێڕانەوەی مێژووی پێکەنین و مەترسییەکانییەتی، رووداوەکان لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستانەوە دەست پێدەکات، لە ساتی راپەڕیندا لە ماڵێکدا بەهۆی شەڕەوە تەنها مامانێک کاری هێنانەدەرەوەی چەند منداڵێک دەکات لە سکی چەند ژنێکەوە، سەرەتا ئەوانەی لەدایک دەبن چوار منداڵن و لە پڕ دەبن بە پێنج منداڵ و ئەم پێنج منداڵە ناودەنرێن خواجە نەسرەدین. لە ساتی ناونانی خواجەوە نووسەر باس لە گەندەڵی دەکات لە فەرمانگەی نفوسدا، عەتا محەمەد لەم ئەزموونەیدا مێژووی شەڕی براکوژی لە رۆژگاری دەسەڵاتی کوردی و ساڵانی نەوەدەکان، خواجە چەند جارێک ژیاوە، دووجار لە کوردستان، جارێکیان لە سلێمانی لە گەڕەکی مەڵکەندی لەدایکبووە. دیوی خەیاڵیی رۆمانەکە مردنی خواجە نەسرەدینە و گفتوگۆکردنێتی لەگەڵ فریشتەکاندا و دیوی واقیعی رۆمانەکە وێنەی کوردستانی دوای راپەڕینە لە کەشێکی خراپدا. عەتا باس لە گەندەڵی و دزی و نەوت ئاودیوکردن دەکات. خواجە نەسرەدین جیاواز لە رۆمانەکانی دیکەی عەتا کەشێکی پێکەنیناوی زاڵە بەسەر رووداوەکاندا و رۆمانەکە بۆ دۆخێکی گاڵتەجاڕی دەبات، لەهەمان کاتدا رووداوەکان تراژیدین، کۆی رووداوەکانیش لە دەوری رووداوێک کۆدەبنەوە، رووداوی کوشتنی کوڕێک لەسەر گاڵتەیەک، کە کردوویەتی. پێکەنین و گاڵتەجاڕ و تەنز واقیعێکی تراژیدین.



خواجە نەسرەدین هاوشێوەی کاراکتەرەکانی عەزیز نەسینە و تەنز لەم رۆمانەدا بۆ نێو دونیای گاڵتەجاڕی دەمانبات، هاوکات تراژیدیایەک هەیە، لە پشتی هەموو ئەو پێکەنینانەوە مەترسییەک هەیە، ترس لە پێکەنین و گاڵتەجاڕیی مرۆڤ لەگەڵ دەسەڵاتدا

## سەرچاوەکان:


١.زارەکانی خەون، عەتا محەمەد، کۆمەڵە چیرۆک.
٢.فریو و خۆشاردنەوە، عەتا محەمەد، کۆمەڵە چیرۆک.
٣.تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان، عەتا محەمەد، چیرۆک.
٤.تارژەنی رەنگ، عەتا محەمەد، حیکایەت.
٥.پاشماوەی خێڵەکان، عەتا محەمەد، کۆمەڵە چیرۆک.
٦.گەشتە تیوارەکانی میر بەتەنیاییدا، عەتا محەمەد، رۆمان.
٧.ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک، عەتا محەمەد، رۆمان.
٨.گێلاسی خوێن، عەتا محەمەد، رۆمان.
٩.فەهرەست.. پێرستی کەسایەتییە ئەندێشەییەکانی جەمیل سائیب، عەتا محەمەد، رۆمان.
١٠.خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت -عەتا محەمەد، رۆمان.
١١.المدینه فی القصه العراقیه القصیره، دراسه، رزاق ابراهیم حسن.
١٢.السرد والکتابه، دراسه، محمد خضر.
١٣.متعه الروایه، دراسه، دکتۆر احمد زیاد محبک.
١٤.الروایه الحدیپه الانجلیزیه والفرنسیه، وهم وحقیقه، اوهام که حقیقه، بول ویست، الترجمه: عبدالواحید محمد.
١٥.چیرۆکی ئاینەکان، سلێمان مەزهەر، وەرگێرانی بۆ کوردی: لوقمان حاجی قادر.
١٦.کتاب الحیاه الکتابه المقدس، انجیل وتورات.
١٧.المنهج الموضوعی، عبدالکریم حسن.
١٨.قراوات فی الروایه، یوسف الشارونی.
١٩.امام القندیل، دراسه، فهد حسین
٢٠.الحیکایه والخرافیه، فردریش فون دیرلاین، ترجمه دکتوره نبیله ابراهیم.
٢١.راپۆرتی برۆدی، بۆرخیس، کۆمەڵە چیرۆک، وەرگێرانی: یاسین عومەر.
٢٢.سێ چیرۆکی بۆرخیس لە کتێبی وشە گەڕۆکەکان، وەرگێرانی: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە.
٢٣.تاریخ اسطوره -کارین ارمسرونغ - ترجمه وجیه قانصو








